پرسیار

لەوانەیـە زۆر جار بوترێ
ئایا فڵان ئیمامی
ئەشعەری وتەی
سەلەفی پێ
گەیشتوە ئەمە ئەبێتە
ئیقامە حوجە بۆی !

وەڵام دراوەتەوە لەلایەن :
مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری

لەوەڵامــدا ئەڵێین

کاتــێ گەیشتنی وتەی سەلەف بەئیمامێکی ئەشعەری ئەبێتە ئیقامە حوجە کەوا تێگەشتبێ مەزهەبی سەلەف لە اسماء وصیفات جێگیرکردنی سیفاتە بەڵام ئەگەر ئەو ئیمــامە واتێگەشتبێ مەزهەبی سەلەف بریتیە لە تەفویض ـی سیفات ئەوا نابێتە ئیقامە حوجە چونکە ئەشعەریەکــان شوبهەیان هەیە ئەڵێن لەوتەکانی سەلەف ئەوەمان بۆ دەرکەووتوە ئەوان اثبات ـی دەقەکان ئەکەن بەڵام ماناکەی ئەگەڕێننەوە بۆاللّٰه تعالی واتا ئەڵێن (ید الله) بەڵام ئەڵێن (یــد) ماناکەی تەنها اللّٰه ئەیزانێت.

وە بۆ ئەم قسەیەشیان وتەی سەلەفیان لابۆتە شوبهە وا تێگەشتون سەلەف کە فەرموویانە تەفسیری ئایەتەکانی سیفات ناکەین مەبەستیان پێی تەفسیری مانای ئایەت وفەرموودەکانە کەواتە مەنهەجی سەلەف بەهەڵە پێیان گەیشتووە وەک خۆیان پێیان نەگەیشتووە.

بۆنمــونه شوبهەیان هەیه ئەڵێن

ئیمام ـی التـرمذي رحمه اللّٰه [سنن الترمذي 4 / 492]

فەرمویەتــی : (والمذهب في هذا عند أهل العلم من الأئمة مثل سفيان الثوري ومالك بن أنس وابن المبارك وابن عيينة ووكيع وغيرهم أنهم رووا هذه الأشياء ثم قالوا تروى هذه الأحاديث ونؤمن بها ولا يقال كيف، وهذا الذي اختاره أهل الحديث أن تروى هذه الأشياء كما جاءت ويؤمن بها ولا تفسر وهذا أمر أهل العلم الذي اختاروه وذهبوا إليه)..

واتا : مەزهەب ـی زانایان لەم بارەیەوە وەکـو ئیمام سوفیان ـی ثەوری و ابن عیینه و وەکیع و جگە لەوانیش بریتیه لەوەی دەقەکان ـی سیفات دەگێڕنەوە فەرمووویانه ئەم فەرموودانه بڕوامان پێ هەیه بەڵام چۆنیەتیەکەی نازانین ونالێین ئەمه چۆنه وەئەم بۆچونەش ئەهلی حەدیث هەڵیان بژاردووە کەئەم فـەرموودانه دەگێڕدرێنەوە وەکـ

چۆن هاتوه وبڕوایان پێدەکرێت وتـەفسیرنـاکرێن ..
وەئەمەش بۆچونی زانایانە و ئەم بۆ چونەیان هەڵبژاردوە
وپەسەندیان کردووە .

کەواتـا ئەوان مەنهەجی سەلەف بەهەڵە پێیان گەیشـتوە
وایان زانیوە مەنهەجی سەلەف مانا نەکردنی ئایەت
وفەرموودەکانی سیفاتە بـۆیە ئەمەش ئەبێت بەعوزر بـۆیان
و نابێت بەئیقامە حوجە بۆیان.

هەربـۆیە ئیمام ابن تیمیە رحمە اللّٰە تعالی ئەفەرموێت
(وهكذا الأقوال التي يكفر قائلها قد يكون الرجل لم تبلغه
النصوص الموجبة لمعرفة الحق، وقد تكون عنده ولم تثبت
عنده، أو لم يتمكن من فهمها، وقد يكون قد عرضت له
شبهات يعذره اللّٰه بها، فمن كان من المؤمنين مجتهدا في
طلب الحق وأخطأ فإن اللّٰه يغفر له خطأه كائنا ما كان،

سواء كان في المسائل النظرية أو العملية هذا الذي عليه أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم. وجماهير أئمة الإسلام) [مجموع الفتاوى (23/346)]

واتا : بەھەمـان شێوە ئەو وتانەی خاوەنەکەی پێی کـافر ئەبێت پێ ئەچێت خاوەن وتە ئەو دەقانەی پێ نەگەیشتبێت کە لەو بارەیەوە ھاتووە بۆ ناسـینی ھەق یان وتەکەی پێ گەشتبێت بەڵام لای جێگیر نەبـووە یان لێی تێنەگەیشتوە یان چەند گومانێکی لەسەر ئەو بابەتە بۆ دروست بوە کە اللّٰه تعالی عوزری پێ ئەیـات ھەرکەسـێ لەباوەڕداران بێت ومەبەستی بەدەستھێنانی ھەق بێت بەڵام ھەڵە بکات وھەق نەپێکێت ئەوا اللّٰه لێی خۆش ئەبێت ھەرکەسـێ بێت جا لەبابەتی کرداری بێت یان بیروباوەڕ ئەمەش ئەو ڕێبازەیە کەھاوەڵانـی پێغەمبەری لەسەر بوە صلى اللّٰه عليه وسلم ـو جەماوەری پێشەوایانی ئیسـلام.

کەواتا مامناوەندی ئەهلی سـونەت ئالێرەوە سەرچاوەی گرتوە بەستەم حوکم بەسەر کەس نادەین

شیخ الإسلام ابن تیمیة (رحمه اللّٰه) فەرموویـەتی : (أهل السنة هم أعرف الناس بالحق، وهم أرحم الناس بالخلق.)

[منهاج السنة النبوية (١٥٧/٥)]

ئەهلی سوننەت زاناترینی خەڵکـانن بەهەق وە بەسۆزترین کەسـانن بۆ دروستکراوانی اللّٰه تعالی.

الْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ